

# فاشیزمی دوێنێ و ئەمڕۆ

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەسەن نازدار

**– فاشیزم چ واتایەك دەگەیەنێت؟**

ئەم واژەیە لەوشەی (فاشیمۆ)(fassismo) وەرگیراوە، کەوەك دروشمی هێز لەرۆمی کۆندا بەکارهاتوە و ناوی چەند کۆمەڵە رەو تەورێك بوون، کە دەستەی پێشەوەی سوپا لەتەك خۆیاندا هەڵیاندەگرت.

مۆسۆلینی ئەم سومبلەی زیندو کردەوەو کراسە رەشەکانی ئەم نیشانەیان هەڵگرتبوو، واژەی فاشیزمیش لەئیتالیای زەمانی مۆسۆلینیدا دروستبوو، وبلاوبوویەوە.

بەهەرحاڵ فاشیزم بریتییە لەجۆرێك لەحکومەت، کە تائاستی توندرەوی، حاڵەتی ملهوری و توتالیتاری هەیە، ئەم جۆرە حکومەتە، سەرەتا لەئیتالیاو دوایش لەئیسپانیای زەمانی فرانکۆ، لەژێر ناونیشانی (ڤالانژ یستم) ولەئەڵمانیا لەژێر ناوی(نازیزم) دەرکەوت .

تاکبوونەوەو جیاوازی نێوان هێزە پێشکەوتوخوازەکانی کۆمەڵگەو بلاوبوونەوەی قەیرانی ئابووری ،ململانێی نێوان سەرمایەداران و بزوتنەوەی کرێکاری و لاوازی بیرو باوەرە ئەخلاقیەکان و ترسی


هیگڵ


ماکیاڤیلی


شوپنهاوەر

سەرمایەداران و چینی ناوەند لەسۆشیالیزم و کۆمینیزم، لەوکۆمەڵە هۆکارانەی بلاوبوونەوەی فاشیزم بوون، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمدا.

فاشیستەکان، یان لەرێگای کۆمەڵەکارێکی زۆرەوە دەگەنە دەسەلات، وەك ئیتالیاو ئیسپانیا، یاخود بەهۆی تێکدانی ئۆرگانە دەوڵەتیەکان و لاوازکردنی دەزگا دیموکراسیەکان دوایش پێشەوای حیزب وەك پێشەوای ولات دادەنێن وەك (ئەڵمانیاو ئەرجەنتین)

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بنەما ئەقایدیی سیاسیەکانی فاشیزم، بەم شێوەیەی خوارەوە ریز بەندیان بکەین:-

أ-ناسیۆنالیزم و نەژادی بالای ئەڵمان، کەلە فەلسەفەی هیگڵەوە وەرگیراوە.

ب-سۆسیالیزم کەلەسوشیالیستەکانی ئینگلیزەوە وەرگیرا.

ج-دروشمی فاشیزم، واتە (رایشی سێیەم), لە(ئارتۆر مۆلەرو ڤاندو نیێرگ(Arthur moller-bruk) وەرگیرا.

د-سەختی و زەبەندی کارو بیرەحمی لەفەلسەفەی میکاڤیلیەوە وەرگیرا.

ه–ئاراستەی ناسیۆنالیزمی توندڕەو لە(بەندوکروچە، جیۆڤانی جەنتیلە)و (ئالفرێد رۆکۆ) وەرگیرا.

و–فەلسەفەی ئاوەز شەڕانگێزی فاشیزم کەلە




(شوبنهاوەر)و(نیچە) و (هسزی برگسون) وەرگیرا.

ز/هێزی بزوێنەری کۆمەڵگە، لەئایدۆلۆژیای سەندیکالیزمی (جۆرج سورێل) وەرگیرا.

ح/فاشیزمی ئیسپانیاش هەندێ لەبنەماکانی خۆی لە (ویلفرید پارنۆ) وەرگرت.

گ/رەتکردنەوەی دیموکراسی و نەفی لیبرالیزم لە(ئالفرێد رۆکۆ) وەرگیرا.

ی/ئەفسانەی نەژادی بالای نۆردیك لە (هۆستۆن ستوارت چیمبەرلن)ی ئینگلیزی و (ئیسوالد شبنگلر) وەرگیرا.

ك/قارەمانپەرستی، کەلەبنەماگرنگەکانی فاشیزمەوە لەبیروباوەرکانی (تۆماس کارلایل)ی سکوتلەندیەوە، وەرگیرا.

2–بنەما تیوریەکانی فاشیزم چیبوون؟

فاشیزم وەك فەلسەفەی ژیان، لەدوای ئەوەی کەفاشیزمەکان لەئیتالیادا، دەستەلاتیان گرتە دەست، دەرکەوت، گروپێك کەخۆیان بەگروپی ڕەزم ( Bundi 8 fight) ناونابوو، بەزوویی لەژێر سەرپەرشتی و رابەری مۆسۆلینیدا لەئیتالیادا گەیشتنە دەسەلات، ئەم گروپە ئامانجی خۆیان بەگەڕاندنەوەی نەزم و یاسا بۆ کۆمەڵگە دادەناو مزگێنی زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی چون ئیمپراتۆریەتی رۆمانی کۆنیان دەدا، خودی مۆسۆلینی شانازی بەوەوە دەکرد، کە پابەندی هیچ رێبازو تیورێك نییە، بەلام لە دوای گرتنەدەستی دەستەلات، بۆی دەرکەوت، کەبۆ رووبەڕووبونەوەیەکی کردەیی وتیۆری لەتەك حزب و ئەندێشە بەهێزەکانی ئەو رۆژەدا، پێویستی بەفەلسەفە و تیۆرێکی گونجاوە کەپێویستە بەهاوکاری فەیلەسوفانی دوێنێ و ئەمڕۆ پێکبهێنرێت، ئەرکی بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارەشی هەردوو فەیلەسوفی ئیتالی (جیوڤانی جەنتیلە) (Giovani.Gentile) و (ئالفرێد رۆکۆ)( ALfved Rocco) گرتیانە ئەستۆ، ئەوان بەئاوێتەکردنی راوبۆچوونی هەندێ لەفەیلەسوفی ئیتالی وەك (مازینی)(mazzini)و پراگماتیزمی ئەمریکی و (ولیام جیمز) (-William james) فەلسەفەی فاشیزمیان رێکخست، دەسال دوای ئەوە، هیتلەرو حزبی ناسیونال سۆسیالیستی ئەلمان، رەوتی تیۆریزەکردنی فاشیزمیان، بەشێوەیەکی کاملتر بەردەوامپێدا.

لەخوارەوە رای هەندێ لەو فەیلەسوف و بیریارانەی، کەبەشێوەیەك لەرێکخستنی تیۆری فاشیزمدا بەکاربراون، بەشێوەیەکی کورتکراوە گوزەرێکیان بەسەردا دەکەین.

نیکۆلای میکاڤیلی(1469 – 1527)(-Niola machiavelli) سیاسەتمەدارو پیاوی دەولەتی ئیتالیا بووە، کەلەفلۆرانس خزمەتیدەکرد، ئەو پیاوێکی نیشتمان پەرستبوو، کە ئارەزوی یەکێتی ئیتالیای لەسەردا بوو، میکاڤیللی لەدوایدا بەم ئامانجە گەشت، کەبنەما ئەخلاقیە پەتیەکان بەتایبەتی (ئەخلاقیاتی مەسیحیەت)ناتوانێت بەم ئامانجە بگات، ئەوەشی کەپێویستە(مشتێکی بەهێزە)کەبتوانێ دوو بەرەکی و ناکۆکی نەهێڵێت، ئەو لەکتێبەکەی خۆیدا(شەهریار)(prince)پەیوەندییەکانی نێوان دەولەت و کۆمەڵگە وێنا دەکات و دەولەت سەرپشکدەکات، دەست بۆ هەرکارێك بەرێت، بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجەکانی خۆی، دەولەت دەتوانێت بۆ گەشتن بەئامانجەکانی خۆی،

تەواوی بنەما ئەخلاقیەکان ژێر پێبخات، ئەگەر مەزهەب بتوانێت لەم ڕێگایەدا یارمەتی دەوڵەت بدات، ئەوە زۆر باشەو جیا لەم شێوەیەش، ئەوە زیانبەخشەو دەبێت ڕووبەڕووی بێتەوە.

(جیان باتیستاڤیکۆ)(1668–1774) (Gian-Battista-Vico)(ڤیکۆ) مامۆستای زانکۆی ناپۆلی بوو، وەك مێژووناس لەبارەگای چارلسی سێیەم، لەخانەدانی بۆربۆنەکانیشداخزمەتیدەکرد، ئەو باوەڕی وابوو تەنها بەهاوکاری مێژوو دەتوانرێت، دەستمان بکات بەزانستو زانیاری ڕاستی، میلەتانیش هەروەك مرۆڤە، قۆناغەکانی گەشەی تێدەپەڕێنێت، قۆناغی لەدایکبوون(خودایان)، قۆناغی گەشەکردن(پاڵەوانان)و قۆناغی نیشتنەوە(تەواوی پیاوەکان).

ڤیکۆ، بەباوەڕ کاسۆلیکی بوو، خودای بەسەرەتای تەواوی جیهان دەزانی، بەڵام باوەڕیوابوو کەخودا نەناسراوە، بەم شێوەیەش ڤیکۆ بەردی بناغەی ئایدیالیزمی ئیتالیای دانا.

واقعیەت بەبۆچوونی ئەو ڕەوتێکی بزۆزو دیالێتکییە، کەهیچ گریمانەیەکی پابەند بەسەریدا زاڵ نییە، ڤیکۆ مێژوو نەك وەك گۆڕانێکی پایەدارو بەردەوام، بەڵکو بەشێوەیەکی خولی لەشارستانیەتەکاندا دەبینێت، کە(ئیرادەی خودا)بەڕێوەیدەبات، هەر هەمان تیۆریشە، کەسەرنجی فاشستەکانی ڕاکێشا، وەك دوایش دیتمان، ئەم تێڕوانینە هیچ شوێنێکی بۆ مافەکانی تاكو مافەکانی مرۆڤ نەهێشتۆتەوە.

ڤینسز جیوبرتی(1801–1852)(Vineenzo-Gioberti)ئەو کەشیشێك بوو، لەهەمان کاتیشدا لەدادگای(تۆرین)(Torin) خزمەتیدەکرد، بەڵام بەزوویی بەتۆمەتی پیلان لەدژی حکومەت دەستگیرکراو دوور خرایەوە بۆ فەرەنسا، بەڵام دوای دەساڵ گەڕایەوە بۆ تۆرینو کرا بەسەرۆك وەزیران، ئەو خۆشەویستیەکی قوڵی بۆ ئیتالیاو مێژووی وڵاتەکەی هەبوو، باوەڕی بەدوو دەورەی ژیان هەبوو:

یەکێکیان قۆناغی بەدیهێنانە کە(بوونی هەمیشەیی، بوونی بەناو چوو بەدی دەهێنێت)، دەورە پێچەوانەکەشی کەتیایدا (بوونی لەناوچوو، بۆ لای هەمیشەیی دەگەڕێتەوە).

بەبۆچوونی ئەو مەزهەب هەمیشە لەئیتاڵیا ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبووە، بنەمای ئەخلاقیاتو فەرهەنگو شارستانی ئەم وڵاتە بووە، ئەو باوەڕی وابوو کەئەورووپاو جیهان، تەواوی دەست وێردەکانی خۆیان لەئیتاڵیا وەرگرتووەو قەرزاری ئەم سەنتەرو(ام القری)مەسیحیەتەن، ئەم وڵاتە پێویستە هەروا ڕۆڵی سەنتەری خۆی بپارێزێت، هەمان میراتی کاتۆلیزمە، کەبەردەوام دەبووە جێگای پاڵپشتی فاشیستەکانی ئیتاڵیا.

جۆزێپە مازینی(1805–1872)(Giuseppe-mazzini)ئەو چاکسازو کۆدەتاچیەکی گەورەی ئیتاڵیا




بوو، ئەو باوەڕی وابوو هەرکاتێك دەوڵەتێك پشت بکاتە فەرهەنگ و ئامانجە میللیەکانی میللەتەکەی، ئەوا سەرنگونیەکی خەمئامێز دەچێتە نێو دەستوری کاریەوە، ئەو لەهەمانکاتدا لەتەك بۆچوونی سونەتی(مافەسروشتیەکانی کەسەکان).

کەلە لایەن(جۆن لۆك)(John-Lock)(تۆماس پین)(Thomas-Paine) خرابووە ڕوو، هاوڕا نەبوو، بەبۆچوونی ئەو مافە فیترییەکان بوونیان نییە، بەڵکو ئەم مافانە لەلایەن کۆمەڵگەوە دەبەخشرێنە تاکەکانو پێویستە بەجۆرێك پەروەردە بکرێن، کەدەرك بەم نەسڵە سروشتییە بکەن، بەبۆچوونی ئەو، نابێت کلێسا هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵکو دەبێت چاکسازی تێدا بکرێت.

ولیەم جیمز(Wliam-James)دەرونزان و فەیلەسوفی ناسراوی ئەمریکیو مامۆستای زانکۆی هارواردە، بەزوویی ناوبانگی جیهانی بەدەستهێنا، ئەوەی لەبیرو بۆچوونەکانی ولیەم جیمز، کەوا مۆسۆلینی بۆ خۆی راکێشا، رەتکردنەوەی هەر جۆرە سیستەمێکی دانراو، یان هەر راستیەکی رەها بوو، مۆسۆلینی هەمیشە دەیگوت(فاشیزم کلێسا نییەو هیچ بیر باوەڕێکی دۆگماشی پێقبووڵ نییە).

ئەزموونگەرایی پێوەری سەرەکی پراکماتیزمی جیمزبوو، ئەزموونیان تاقیکردنەوە، تەنها ڕێگایەکە بۆ دروستبوونیان، دروستنەبوونی هەر تیۆرێکی سیاسی، بەبۆچوونی مۆسۆلینی دیموکراسی لەئیتاڵیادا خۆی تاقیکردوەتەوەو شکستیهێناوە، ئەسڵێکی تری پراگماتیزم، کەباوەری وایە، راستی ئەو شتەیە کەکۆمەڵ لەسەری ڕێکەوتون، زۆر بەتوندی مۆسۆلینی بۆ لای خۆی راکێشا، (جۆن دیوی)(John,Dewy)یەکێك ترە لەتیۆرستەکانی پراگماتیزم، باوەڕیوابوو، کەتەنها پێوەرو نرخ بۆ هەرشتێ کۆمەڵگەیە، فاشیستەکان بەگەرمی پێشوازیان لەپراگماتیزم کردو زۆرێك لەکارەکانی خۆیان بەهاوکاریو کۆمەکی بنەماکانی ئەم فەلسەفەیە ئاراستەکرد.

جۆرج سورێل(1922–1827)(George-Sorel)ئەو یەکێك بوو لەزاناو ئەخلاقگەراکانی فەرەنساو لەتیۆرستە دیارەکانی بزاوتی سەندیکالیستی فەرەنسا دێتە ژماردن، ئەو باوەڕی وابوو، کەدەوڵەتی پارلەمانی، لەکۆتایدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێو نائارامیو بێکاری بەشێکی دانەبڕاوی ئەوە. لەهەمانکاتیشدا، ئەو داکۆکی مارکسییەکانی لەسەر ململانێی ئابوری رەتدەکردەوەو باوەڕی وابوو، کەتەنها ئەندێشەکان لەدەسەڵاتیاندایە، کۆمەڵگە بگۆرن.

ویلفریدۆ پارتۆ(1923–1848)(Vilfredo-Pareto)ئەو بیرکاریزانو ئابورناس بوو، کەمۆسۆلۆنی چەند گوتەیەکی ئەوی گوێلێ بووەو بەتوندی رایکێشاوە، پارتۆ باوەڕیوابووە، کەکۆمەڵگە پێویستە لەلایەن گروپێکی دەستە

> دەوڵەت دەتوانێت بۆ گەشتن بەئامانجەکانی خۆی، تەواوی بنەما ئەخلاقیەکان ژێر پێبخات، ئەگەر مەزهەب بتوانێت لەم ڕێگایەدا یارمەتی دەوڵەت بدات، ئەوە زۆر باشەو جیا لەم شێوەیەش، ئەوە زیانبەخشەو دەبێت ڕووبەڕووی بێتەوە.

بژێروە بەرێوەببرێت، چونکە زۆربەی کۆمەڵگە، کەسانێکی نەزانو بێئەخلاقو نەخوێنەوارنو تەنیا دەستەبژێرانو کەسانێك، کەلەلایەن ئەوانەوە ئایدۆلۆژیان وەرگرتبێت، دەتوانن لەخزمەتی وڵاتدا بن، بەبۆچوونی ئەو، حاکمیەتی عاقڵ، سوود لەنێزەی مەزهەب وەردەگرێت، بۆ رامکردنی خەڵکی، هەر جۆرە بێفەرمانیەکیش پێویستە، هێندە بەتوندی

سەرکوت بکرێن، کەبۆ جیلەکانی داهاتوو،بێتە وانەو عیبرەت.

جیۆڤانی جەنتیلە(1875-1944)(Giornni-Geutile) ئەو لە راستیدا بۆچوونی ئایدیالیستە گەورەکانی ئەڵمانیای ئاوێتەکرد، ئەو باوەڕیوابوو، کەئازادی واقیعی، تەنها لەچوارچێوەی پەیرەوی کردن لەیاساو رێساکان بەدەست دێت، لەراستیدا بۆچوونەکانی جەنتیلە ئاوێتەیە بوو لەماتریالیزمو پۆزیتۆڤیسمو ناتۆرالیسم ئەو(Actuar-Idealesm) لەتەك هەر جۆرە دۆگمایەکدا دژبوو، جەنتیلە بەتوندی دژە رۆشنبیر بوو، بەبۆچوونی ئەو ئازادی زگماکی )بوونی نییەو مرۆڤ دەبێت دەست بکات بەئازادی رۆحیو ئەخلاقی، ئەم کارە تەنها لەرێگای بەرەنجامی کارەکانی دەوڵەتەوە بەدەستدێت، جەنتیلە سەرەنجام چووە ناو حزبی فاشیستەوەو ئەو لەپۆستی وەزارەتی فەرهەنگدا، چاکسازی فراوانی لەسیستەمی پەروەردەی ئیتالیداکرد، کەبەرەنجامێکی کارەساتباری لەدوای خۆی بەجێهێشت، سەرەنجامیش بووە هۆی دوورخستنەوەی ئەو لەپۆستەکەی، ئەو لەدەیەی (1930) سەرەتا دژایەتی هەبوو لەتەك سیاسەتەکانی دەوڵەتدا، لەبۆ رێزۆشتنی لەتەك ڤاتیکانداو دوایش هەتا بەدژایەتیکردنی یەکێتی ئیتالیاو ئەڵمانیای نازی، بەلاّم بەم حاڵەشەوە تاکۆتایی، بەرامبەر بەئایدۆلۆژیاو دەوڵەتی فاشیزم بەوەفادای مایەوە.

ئالفرۆید رۆیکۆ(1875-1935)(Alfred-Roeco)چەند خاڵێك لەتیۆرو بۆچوونەکانی (جەنتیلەدا) هەبوون، کەبوونە هۆی لاوازکردنی پێگەی ئەو لەحزبو دەوڵەتی فاشیزمدا، بەلاّم پێچەوانەی ئەو(ئالفرێد رۆیکۆ)ئەم سیاسەتمەدارە توندڕەوە، رابەری پێشوی ناسیۆنالیزمی ئیتالی بوو، کەپۆستی وەزارەتی دادی لەکابینەکەی مۆسۆلۆنیدا لەئەستۆدا بوو، رۆکۆ بەتوندی دژایەتی ئەو کرۆکە لیبراڵیو ئایدیالیستانەی دەکرد، کەلەبیرو بۆچوونەکانی جەنتیلەدا هەبوون.

بەبۆچوونی ئەو مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییەو تاك بەتەواوی لەخزمەتی دەوڵەتدا بێت، دەوڵەت بۆ خەڵکی نەهاتوەتە بوونەوە، بەڵکو (بونێکی رەهایە)کەلەخۆیدا ئیرادەو کەسێتی هەیە، تەنها مانەوەی دەوڵەتە کەسوودمەند دەبێتو دەبێت تاکەکانیش ئازادیە سودمەندەکانی خۆیان لەم رێگایەدا بکەنە قوربانی.

**3ـ ئایدۆلۆژیای فاشیزم لەسەر چ بنەمایەك وەستاوە؟**

هەم ئایدۆلۆژیاو هەم راگەیاندنەکانی فاشیزمە، بەرێکی لەتەك رۆحیەتو تایبەتمەندیەکانی هەوادارانیدا لەلایەکەوەو نیازەکانی چینی دەسەڵاتدار لەلایەکی ترەوە هەمئاهەنگە، ئایدۆلۆژیای فاشیزم دەبوایە لەلایەکەوە دەرخەری نارەزایەکانی خەڵکی بوایە، لەو بارودۆخەکەی کەهەبوو، لەلایەکی ترەوە هیچ مەترسییەکی بۆ سەر نیزامی سەرمایەداری رۆژئاوا نەبێت، لەئایدۆلۆژیای فاشیزمدا، شەش بزوێنەری سەرەکی هەن، کەهەریەکەیان خاوەنی کارکردێکی وردو دیاریکراوە:-

أ ـ ئایدۆلۆژیای یەك میلەتیو پەیوەندی ئەو لەتەك ناسیۆنالیزمی توندڕەودا.

ب ـ ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدار، کەسەر دەکێشێت بۆ بنەمای رابەری.

ج ـ ئایدۆلۆژیای موڵکدارێتی تایبەتی، کەلەسەربنەمای تەرزە بیری، دژایەتی لەتەك هەرجۆرە پێشکەوتنخوازیەك وەستاوە.

د ـ هەندێ لایەنی دژە سەرمایەداری، کەئاگاداری سەرمایەدارە گەورەکانن.

هـ- فەلسەفەی قەڵغانی بەلاّ، کەهەمیشە ئاراستەیەکی بەرواڵەت قابیلی قبوڵ بۆ تەواوی نابسا مانیە کۆمەلاّیەتیەکان و هەتاوەکو جیهان پەیدا دەکات و لەهەمانکاتیشدا، بابەتێك دەخاتە بەردەم زۆربەی خەڵکەوە، تا رەق و دەردە دڵیەکانی خۆیان بەکەمترین مەترسی، بۆ سەرنیزامی دەسەلاّتدار بەسەر ئەوانەوە خاڵی بکەنەوە.

و-میلیتاریزم کەزۆربەی خەڵکی لەرووی ئایدۆلۆژیەوە، ئامادەی قبوڵکردنی جەنگ دەکات، فاشیزم بەم شێوەیە سود لەناسیۆنالیزم وەردەگرێت، ئەوە وەك ئامرازێك بۆ هاشەکردن و بەرزراگرتنی گەورەیی و شانازیەکانی میللەتی خۆی لەبەراوردکردنیدا، لەتەك میللەتانی ترداو هاندانی خەڵکی بۆ یەکگرتنی بێ چەندوچۆن لەتەك یەکدیدا، لەبەرامبەر دوژمنی دەرەکیداو، ئەمەش بەواتای پەیرەوکردنێکی بێ چەندوچۆنی گشتیە لەئیرادەو خواستی رابەری سیاسی سەردەم.

دروستکردنی رێکخراوەی حزبە فاشیستەکان و هاوکات دەوڵەتی فاشیست، کەلەسەربنەمای دەستەڵاتداریێتی رابەریە، کارکردێکی دیاریکراوی هەیە، ئازادی کارو دەستەڵاتە رەهاکانی رابەری و لابردنی هەرجۆرە لێپرسینەوەیەکی گونجاوی کارەکان، لەخوارەوە دروشمی لاوە فاشستەکانی ئیتالیا ئەمەبوو: (باوەڕ، فەرمانبەرداری، خەبات). دژایەتی فاشیزم لەتەك سەرمایە گەورەکانیشدا زۆر، دیاری کراوبوو، چونکە ئەم دژایەتیە لەتەك بەرگریکردنی لەموڵکداریێتی تایبەتیدا هاوڕابوو، فاشیزم خوازیاری ئیشتراکیکردنی ئابوری نەبوو، بەڵکو خوازیاری گەڕانەوە بوو بۆ شێوە ئابوریەکانی رابردوو، بەواتایەکی تر، فاشیزم پاڵی دابوو بەرابردووەوە، بەم حاڵەشەوە بیروبۆچونە دژە سەرمایەداریەکان، لەهەندێ لەباڵەکانی بزاوتی فاشستیدا، شێوەیەکی توندڕەوی بەخۆوەگرت، باڵی چەپ فاشیزم، خواستە دژە سەرمایەداریەکانی خۆی بەشێوەیەکی توند دەخستەڕوو (سەرمایەداری هۆکاری تەواوی بەدبەختیەکانە، لەم روشەوە دەبێت لەناو بچێت)، بەلام ئەم باڵە لەدوای گەشتنە دەسەلاتی فاشستەکان، زۆربێبەزەییانە سەرکوتکران و لەناوبران.

فاشیزم ئەم باڵەی بەهەمان توندوتیژی و دڵڕەقی سەرکوتکرد، کەپێشتر بزوتنەوە پێشکەوتنخوازو کرێکاریەکانی پێی سەرکوتکردبوو.

سوپا بۆ فاشیزم، نەك تەنها نمونەیەکی باڵایە بۆ رێکخستنە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو سەرباز سەرمەشق و نمونەیەکی تەواوی مرۆڤێکی بەواقیعیە، جەنگیش بە باڵاترین چالاکیەکانی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێت، مۆسولینی دەنوسێت(تەنها جەنگە، کەتەواوی تواناکانی مرۆڤە تەیار دەکات، تەنها میللەتانێك، کەشەهامەتی شەڕکردنیان هەیە، شایانی سیفەتی نەجیبزادەگین).

## 4-بنەڕەتی کۆمەڵایەتی فاشیزم چییە؟

لایەنگرانی بزوتنەوە فاشستیەکان، بەشێوەیەکی ئاسایی، کەسانێکی کەبەهۆی کاریگەری جەنگ و قەیرانی ئابوری و دوای ئەوەش دووچاری سەرگەردانی کۆمەڵایەتی و دەرونی دەبن، ئەو نیزامیانەی کەلەسوپاکانی زەمانی ئاشتیدا شوێنێکیان نییەو گروپ، گروپ لەشەقامەکاندا بەدوای کاردا دەگەڕێن و وەردە بازرگان و پیشەوەران و جوتیارانێکی هەژاران، کە بەچاوی خۆیان شاهیدی لەناوچوونی دارونەداریانن، لەو ڕووەشەوە بەدوای رێگای رزگاریدا دەگەڕین، چینەکانی ناوەندە کەلەژێر کاریگەری ژورنالیستیدا، پشتیوانی خۆیان بەجەنگ سپاردوە، بەلام لەدواییدا، ئەوەیان بۆ دەردەکەوێت، کەپارەکانیان لەدەستداوە، هەموو ئەمانە پایە کۆمەڵایەتیەکانی فاشیزم پێکدەهێنن.

بەشێوەیەکی گشتی هەرچی زیاتر مافەکانی چینی ناوەندی کۆمەڵگە، رووبەڕووی مەترسی بێتەوە، بەهەمان ئەندازەش ئارەزووی فاشستیەکان لەئەواندا بەهێز دەبێت، سەرنجێك لەپێکهات و ئەندامانی حزبی نازی، نیشانگەری ئەم راستیەن، کەدوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەم حزبە، لەکارمەندانی بەشی تایبەتی، پیشەوەران، بازرگان، کارمەندانی دەوڵەت، خاوەنکارە ئازادەکان و نیزامیەکان پێکهاتوە.

## 5-رەوشەکانی حکومەتی فاشیزم چییە؟

أ-تیرۆر: سودوەرگرتن لەرەوشە تیرۆرستیەکان، لەبۆ مسۆگەرکردنی حاکمیەت، یەکێکە لەهۆکارە بنچینەیەکانی دەوڵەتی فاشیزم، لەنیزامی فاشستیدا بەشێوەیەکی تەواو نوێ

بەچۆنایەتیەکی ترەوە، دەخرایەڕوو، سەرکوتکردنی هێزە دژەکان لەلایەن حکومەتە دیکتاتۆریەکانەوە، سیفەتێکی بابەتی و دیاریکراوی هەیە، بەڵام سەرکوتکردنی دژەکان لە سیستمی فاشستیدا، حاڵەتێکی رەهای هەیەو هیچ ئاست و سنورێك ناناسێت، بچوکترین جۆلانەوەی دژە، زۆربێ بەزەبیانە لەلایەن تیرۆری دەوڵەتەوە سەرکوت دەکرێت، ئەم تیرۆرە مومکینە چینە باڵاکانی کۆمەڵگەش بگرێتەوە، بۆ نموونە ئەو سەرکوتکردنە فراوانەی ئەفسەرانی سوپاو خاوەن پلەکارگێڕیەکانی ئەڵمانیا، لەدوای کودەتا سەرنەکوتوەکەی (1944) بۆ هەموان روونە.

ب- پاوانکردنی راگەیاندن: تیرۆر تەنها بۆ جێگیرکردنی نیزامێکی حکومەتی بەس نییە، هاورێژە لەتەك تیرۆری رەهای دەستەڵاتدار لەنیزامی فاشتیدا راگەیاندنیش لەم نیزامەدا شێوەیەکی رەهاو پاوەنکراوی هەیە، ئەم پاوانکردنەش رێگا بەدەوڵەتی فاشستی دەدات، هەست و ئاگایی خەڵکی و رامکان و گومانەکانیان لەبۆ دۆست و دوژمن دروستبکات و بۆ رێڕەوی دڵخوازی خۆی، رێنوێنیان بکات، ناوەرۆکی ئەم راگەیاندنەش، ئارەزوو خواستە سەرکوتکردوەکانی خەڵکە، راگەیاندنی فاشستی چینەکانی خەڵك ئامادە دەکات و بەچالاکیەکی تەواو غرورەوە نیازەکانیان دەست بۆ دەربڕینی خۆ دەبەن، بۆ نموونە لەئەڵمانیا هەر رۆژە و هەواڵێك بوو، هەر رۆژەو لەشوێنێکەوە تێکۆشانی گەورە رادەگەیەنرا، بەڵام راگرتنی خەڵکی لەم بێئاگایە، بەردەوام پێویستە مژدەی سەرکەوتنە نوێیەکان بدرێت، نیزامی فاشت پێویستی بەزاڵبوون و سەرکەوتنە، ئەگەر بەراستی سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ، ئەوا ئەو رووبەڕووی درۆ دەکاتەوە.




ج-تەریارکردن، رێکخستن و رێنوێنی خەڵك:

حکومەتی فاشستی بەسود وەرگرتن لەنیزامی رێکخراوە فراوانەکانی هەوڵدەدات خەڵکی لەتەواوی بابەتەکانی کۆمەڵگەدا، دەستەڵات پەیدا بکات، تا بەم پێیە هەتا بۆی بکرێ، تەواوی گروپە کۆمەڵایەتیەکان بگرێتەوەو ئەوانە بخاتە ژێر دەستەڵاتی ئایدۆلۆژی و سیاسی خۆیەوە، بۆ نیزامێکی واش رێکخراوێکی پایەفراوان و ژمارەیەکی زۆر کادیری فاشستی پێویستە، بەم پێیەش سەدان هەزار کادیری فاشیست دەخەنە سەر کارەکان، ئەمانەش زۆربەی کات، کۆمەڵەماکێکن، تا ئەو ساتە وەختە، لەدەرەوەی رووداوە سیاسیەکانەوەن، هەمیشەش بێجگە لەگەمەی دەستی ئەوانی تر، هیچی تر نەبوون، بەڵام لەراستیدا خەڵکانێك بەم شێوەیە رێکبخرێن، هیچ دەستەڵاتێکیان لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا نییە، پێکهاتی ناوەوەی ئەم جۆرە رێکخراوانە، هۆکارێکن بۆ رێگرتنی خەڵکە لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بەم پێیەش، رێکخراوە جەماوەریەکان لەنیزامی فاشستیدا، ئەم کارانەی خوارەوەیان لەئەستۆدایە.

أ-فەراهەمکردنی تواناو زەمینەی پێویست بۆ دەسەڵاتی رێکخراوەیی و ئایدۆلۆژی و رێنوێنی خەڵك.

ب–خستنەژێرچاودێری خەڵك و لەئەنجامیشدا لەباربردنی هەرجۆرە دژایەتیەك لەنوتفەدا.

ج–بەدیهێنانی پایەگایەکی جەماوەری بۆ دەوڵەتی فاشستی.

د–دروستکردنی ژێر خانێکی پێویست بۆ دەسەلاتی دەوڵەتی فاشستی.

**6–فاشیزم لەئەڵمانیادا چۆن گەیشنە دەسەلات؟**

قەیرانی ئابوری سالانی (33–1492) بەزۆری ئەڵمانیاشی گرتەوەو ژمارەی بێکاران لەم ولاتەدا، لەسنوری شەش ملیۆن کەسی تێپەڕی. سەدان هەزار کەس لەبوونـدا گیانیان لەدەستداو قەرزی گوندنیشینەکان بۆ بانکدان و موڵکداران زیادیکردو باروذۆخ رۆژ لەدوای رۆژ خراپتر دەبوو، برسێتی و بێهیوایی و رەنجە بێکۆتاییەکان زاڵدەبوو بەسەر بێکاران و خێزانەکانیاندا، هێزە پێشکەوتوخوازەکانی کۆمەڵگە لەحاڵەتی پەرتەوازەیدا ژیانیان بەسەردەبردو هەریەکەیان تێوریکیان بۆ دەرچوون لەو قەیرانە دەخستەڕوو، لەباروذۆخێکی وادا، کەهاوکات گروپە فاشستیەکان لەماوەکانی پێشتردا لەئەڵمانیا پێیان خستوەتە مەیدانی سیاسی، زەمینەکەیان بەهاوکاردەزانی بۆ راگەیاندن و رەوشاندن، یەکێك لەرابەران و رێکخەرەکانی حزبی فاشستی لەئەڵمانیا (کەبەشێوەیەکی رەسمی بەحزبی ناسیۆنال سۆسیالیست) ناودەبرێت، ئەدلۆفە هیتلەر (1889–1945) بوو، کەلەنەمسا لەدایکبووەو بەر لەجەنگی جیهانی یەکەم چوو بۆ ئەڵمانیا، ئەو عەوام خەڵەتێنەرو کۆنەپارێزێکی توندڕەو بوو، ئەو لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی (نەبەردی مـن) هەستا بەراگەیاندنی نەژادی بەرترو پێویستی سەرکوتکردنی بزوتنەوە رەها بەخشەکان و گەلالەی حاکیمەیتی ئەڵمانیای بەسەر جیهاندا ئاراستەکرد، حزبی نازی ، حزبێك بەئامانجە شۆڤێنیەکانیەوە، دژە کودەتاو دژە خەڵك بوو، نازیەکان بۆ خەڵەتاندنی خەڵکی، ناوی خۆیان نابوو (ناسیۆنال سۆسیالیست)، ئەوان بەئاگابونیان لەناڕەزایەکانی خەڵکی لەباروذۆخی پەیمانی (ورساس) دروشمی (کراوەبێت زنجیرەکانی وارسای) یان رادەگەیاندو نازیەکان بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵکی، دروشمەکانی (خوشگوزەرانی گشتی بالاتر بێ لەخۆشگوزەرانی تایبەتی) و (نابودبێت سەرمایەی مالی یەهود) یان کردبوە هەوێنی چالاکیەکانی خۆیان، ئەوان بۆ راکێشانی کرێکاران، عەوام خەڵەتێنەرانە خوازیاری مافە یەکسانەکانی کارو لەنێوبردنی بێکاری و بەشداربونی کرێکاران لەسودی سەرمایەداران، بوون، فاشستەکان بەلێنی کارو دابەشکردنی زەویەکانی موڵکداران و سڕینەوەی قەرزەکانیان لای بانکەکان و هەلوەشانەوەی فرۆشگا گەورەکانیان، بەچینە ناوەندەکانی کۆمەلگە دەدا، ئەوان زۆر وەستایانە هەستی میللیگەرانەی جەماوەری مەحروم و مالێرانیان دەبزواند، بەلێنی ژیانێکی تێروپڕیان بەئەوان دەداو بۆخۆیان پایەگایەکی کۆمەلایەتی فراوانیان فەراهەمدەکرد.

لەسالی 1933 بەدواوە، فاشیزم هەروەك تاعون سەراسەری خاکی ئەڵمانیان گرتەوە، بەلام لەراستیدا لەپاڵ ئەم دروشمە خەڵەتێنەرانەیاندا، فاشستەکان بەرگریان لەسوردەکانی کۆنەپارێزترین کۆڕی سەرمایەی مالی دەکرد، لەم پەیوەندیەشدا دەزگا نێودەوڵەتیەکانیش، کۆمەلێکی زۆر بەرچاویان بەخشی بەفاشتەکانی ئەڵمانیا.

لەگەڵ فراوانتر بوونی سنوری قەیرانە ئابوریەکەو ئەو نائارامیەی، کە لەئەنجامی ئەوەوە، هاتبووەکایەوە، سەرمایەدارە گەورەکان بڕیاریاندا بەزووی فاشستەکان بگەیەنە دەسەلات، لەسی ژانویەی(1933)، هیند بورگ بەپێی فەرمانێکی هیتلەر، وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژێرا، بەم شێوەیەش لەئەڵمانیادا دیکتاتوری تیرۆرو کۆنە پارێزترین‌و شۆڤینیترین‌و ئیمپریالیزمترین ماکەکانی سەرمایەی مالی ئاشکرا دامەزرا.

**7)هەڵوێستی کلێسا لەبەرامبەر فاشیزمدا چیبوو؟**

کلێسا فاشیزمی بەچاوی هاودەستێك بۆ خەبات لەدژی دوژمنی هاوبەشیان، واتە گروپە چەپگەراو پێشکەوتنخوازەکان تەماشا دەکرد، لەئیتالیا ئەم یەکێتیە، بەبێ هیچ‌و شورایەك پێکهات، چونکە ئەم ولاتە لەڕووی

مەزهەبییەوە یەکدەستر بوو، لەچاو ولاّتانی تری ئەوروپادا، پاپا رایگەیاند (مۆسۆلینی دەستی (تقدیری ئیلاهی) بەئێمەی بەخشیوە)، کلێسای کاسۆلیکی لەئیسپانیاو پورتوگالو نەمساو کرەواتیاشی هەمان رەوشیان گرتەبەر، بەلاّم لەئەلّمانیا لەرووی مەزهەبییەوە، ناکۆکی مەزهەبی هەبوو، پەیوەندی کلێسا لەتەك فاشیزمدا، شێوەیەکی ئالّۆزتری پەیدا کرد، فاشیزمی ئەلّمانیا، ئەگەر لەگەلّ یەکێك لەگروپە مەزهەبیەکانی کاسولیكو پرۆستانت نزیکبوایەتەوە، بێگومان مەحروم دەبوو لەلایەنگری نیوەی خەلّك، لەبەرئەوە فاشیزم لەم ولاّتەدا لەهەولّی دۆزینەوەی چەند نموونەیەکی هاوبەشدا بوو، کە پەیوەندی بەمەزهەبەوە نەبێت، بەم شێوەیەش فاشیزمی ئەلّمانیا چەند ماکێکی کوفرئامێزی لەئایدۆلۆژیای خۆیدا قبولّکرد، کە رێگای لێکگەیشتنی لەتەك کلێسادا ئالّۆزتر دەکرد، لەگەلّ ئەمەشدا کلێسای کاسولیك وەفاداری خۆی بۆ دەولّەتی فاشیزم بەئاشکرا راگەیاندوە،ئەم وەفاداریەش هەر لەسەرەتاوە، ە تاوەکو کۆتایی ژیانی فاشیزم وەك خۆی مایەوە بەم شێوەیەش لەئەلّمانیاش هەروەك ولاّتانی تر فاشیستەکان گەشتنە دەستەلاّتو سێگۆشەی شومی فاشیزم.سەرمایە- کلێسا- خۆیگریّ.

**8)ئایا دەتوانین حکومەتە دیکتاتۆریەکان، کە لەهەندێ ولاّتانی جیهانی سێیەمدا حوکم دەکەن، بەفاشست ناوبەرین؟.**

وا دێتە بەرچاو، کەوا لەرووی پێکهاتی حکومەتو رەوشی کارەکانی دەستەلاّتەوە، لەتەك شێوە سونەتیەکانی حکومەتە دیکتاتۆریەکان جیاوازی هەبێت:-یەکەم/ لەحالّەتێکدا کە حکومەتە دیکتاتۆریەکان لەهەندێ ولاّتانی جیهانی سێدا، تەنهاو تەنها پشت بەدەزگاکانی دەستەلاّتی جێبەجێکەر لە (سوپاو پۆلیسو بێوکراسی دەولّەتی) دەبەستێت، فاشیزم خاوەنی نیزامێکی فراوانی رێکخراوەیی دامەزراو پایەگایەکی جەماوەریە.

دووە/ ئەزمونی مێژوویی نیشاندەدات، کەنیزامی فاشستی تەنها لە ولاّتانی پیشەسازی بەرێژە پێشکەوتودا، دەتوانێت خۆی بگرێت، بوونی چینێکی ناوەندی بەرێژە بەهێزو بێبایەخبوونی خاوەن دەستەلاّتەکانو بزوتنەوە پێشکەوتوخوازە خاوەن دەستەلاّتەکانو دیموکراسی بۆرژوایی، بەهۆی قەیرانی ئابوریو ناپێویستی سیاسییەوە، پێویستیەکن بۆ خۆگری حکومەتی فاشستی، بەلاّم ولاّتە تاز گەشەسەندووەکان خاوەنی ئەمە نین.

سێیەم/ ولاّتانێك کە لەرووی پیشەسازیەوە گەشەیان نەکردوە، توانای بنیاتنانی دەزگایەکی ئالّۆزو تەواوکاریان نییە، کەوا پێویست بۆ بەدیهێنانی نیزامێکی فاشستی، لەم جۆرە ولاّتانەشدا چینی دەستەلاّتدار بۆ بەرگریکردن لەدەستەلاّتی خۆیان، لە بەرابەر هێزە بەرنگارەکاندا، سود لەرەوشە سونەتیەکانی دیکتاتۆری نیزامیو پولیسی وەردەگرێت.

بۆیە ناولێنانی فاشستی لەم حکومەتە دیکتاتۆریانە، لەرووی ئەکادیمیەوە راست نییە، لەوە دەچێت باشتر بێت ئەم حکومەتانە بە (فاشستی مأب)ناو ببەین، چونکە ئەوانە لەتەك لەبەرگرتنی رەوشیو گەلاّلە فاشستییەکاندا، لەرووی ئاستی گەشەسەندوی کۆمەلاّیەتیو ئابورییەوە، خاوەنی زەمینەیەکی پێویست نین، بۆ بەرقەراری حکومەتێکی تەواو عەیاری فاشستی.

**سەرچاوە:-**

گۆڤاری (چیستا) ژمارە(1).